١٠٠ڕۆژی بەبێ شەو لە سوید

لە ٦/٢١ی هەموو ساڵێک خۆر لە ئاسمانی باکوری قارەی ئەوروپا،لە وولاتی سوید هەڵدێت....شایەنی باسە ئەم ڕۆژە دەبێتە درێژترین ڕۆژی ساڵ و لەلایەکی ترەوە دەبێتە کورترین شەوی ساڵ لە جیهاندا....بەم بۆنەیەوە خەڵکی سوید ئاهەنگ دەگێڕن و سێ ڕۆژ لە پشودا بەسەر دەبەن و ئەو ڕۆژەیان ناو ناوە((مید سومار)).ئەم دیاردەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاران لەسەرانسەری جیهانەوە ڕووبکەنە سوید،بەتایبەتی ئەگەر لەباکوری سوید دا بێت ئەوا لە ٢٤کاتژمێری ڕۆژەکەدا خۆر دەبینیت.سویدیەکان بەو ڕۆژە دەڵێن چلەی هاوین....لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێت کە هیچ کەس لە خەڵکی سوید لەم ڕۆژەدا لەماڵ نامێننەوە بەڵکو لەماڵەکانیان دێنە دەرەوە هەتا ئەم دیاردە جوانە جوگرافیە بەچاوی خۆیان ببینن،هەندێکیان بەرەو دارستانەکان دەڕۆن،هەندێکیان بەرەو کەناری دەریاکان و هەندێکیشیان بۆ دوورگەکان ئەڕۆن....لەم ڕۆژەدا خەڵکی سوید چەند بورجێکی گەورە دروست دەکەن لەپارکەکاندا و دەیرازێنەوە و لەدەوری کۆدەبنەوە و گۆرانی دەڵێن بەدەوری دا،یەکێک لە گەورەترین بورج لە پارکی گەورەی ستۆکۆڵم پایتەختی سوید دروست دەکرێت کە ناوی ((اسکانسن))ە،کە ئەم جەژنە لە بەیانی ٦/٢١ بە بەرزکردنەوەی ئەم بورجانە دەست پێ دەکات.

خۆری نیوە شەو

یەکێک لە گرنگترین دیاردەکان لە سوید کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆخۆی رادەکێشێت،خۆری نیوە شەوە،وەکو باسمانکرد ٦/٢١لە سوید ڕۆژێکی بەبێ شەوە لە سوید،تەنانەت لەم ڕۆژەدا زۆربەی منداڵەکان بەدایک و باوکیان دەڵێن هێشتا کە شەو نەبووە بۆچی بخەوین.

بەڵام ئەوە بزانن کە بێجگە لە ٦/٢١،لە سەرەتای مانگی پێنجەوە هەتا ناوەراستی مانگی حەوت لە سوید،ڕۆژانە تەنیا دوو سێ کاتژمێر ئاوهەوا تاریک دەبێت تەنانەت تاریکیش نابێت بەتەواوی بەڵکو تاریک و ڕوون دەبێت....

ئەم ماوەیە ١٠٠ڕۆژە سویدیەکان ئەم ماوەیەیان بە ((١٠٠ڕۆژ بەبێ شەو)) ناودەبەن.ئەم ڕووداوە دەتوانرێت لە هەموو ناوچەی ((لاپلاند سوید))و نیوەی ناوچەی ((نۆربۆتن)) لە باکوری ئەم وولاتەدا ببیندرێت....هەرچەندە لە باکوری سوید نزیک ببیتەوە ئەوا ئەوڕۆژانە زۆرتر دەبینیت کە تیایدا دیاردەی خۆری نیوە شەو دەردەکەوێت.



لەناوچەی باشور و ناوەراستی سویدە وەکو ستۆکۆلم پایتەختی ئەم وولاتە ،دیاردەیی خۆری نیوە شەو دەرناکەوێت بەڵام ئاوابوونی زۆر درەنگی خۆر بەدرێژایی هاوین دیاردەیەکی سەیری ترە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئەم ناوچەیە،بەجۆرێک کەلە ناوەراستی مانگی شەشەوە تا ناوەراستی مانگی حەوت لەم شارەدا خۆر هەڵهاتن و خۆرئاوا بوون تەنها چەند کاتژمێرێک بەیانیان دەبێت و لەم چەند کاتژمێرەشدا ئاسمان بەتەواوی تاریک نابێت بەڵکو تاریک و ڕوون دەبێت.

پشوی چلەی هاوین٧/٢٣،٢٢،٢١ ئاخرین پشوی فەرمی پێش زستانە،پشوە فەرمیەکانی تر لەم وولاتەدا دەکەوێتە ١٢/٢٤ کە کریسمس دەکات،بەشێوەیەکی تر ئەتوانین بڵێین تا ڕۆژی ١٢/٢٤ ئیتر هیچ پشویەکی فەرمی لەناوەراستی هەفتەدا لە سوید نابێت.

لەوانەیە زۆر بەلاتانەوە سەیر بێت کەزۆربەی گەشتیاران بەگشتی و گەشتیارانی ئەمریکیەکان بەتایبەتی ،باوەریان وایە کەلەم ناوچەیەی جیهاندا خۆرێکی تر هەڵدێت!.

تەنانەت ماوەیەک لەمەو پێش ژن و مێردێکی گەشتیار کە سەفەریان کردبوو بۆ نەرویژ((وڵاتێکی تری ئەسکەندەنافیە کەلە ڕووی جوگرافیەوە لەسوید دەچێت)) لەگەڵ ڕێبەری تۆرە گەشتیاریەکەدا کردبویانە شەر چونکە ئەوان باوەریان وابوو بەهۆی دیاردەی خۆری نیوەشەوەوە خۆرێکی تر لەم ناوچانە هەڵدێت،بەڵام پاش ئەوەی ٧/٢١ لە ئۆسلۆ مانەوە تێگەشتن کەئەم خۆرە هەمان خۆرە کەلە ئەمەریکادا هەیە،لەبەرئەوەی کۆمپانیا گەشتیارەکەیان بەوە تاوانبار کردبوو کە بەئەمانی نەوتووە کە ئەو خۆرە هەمان خۆرە کەلە ئەمەریکا هەڵدێت.لەبەر ئەم ڕووداوە ئەو ژن و مێردە ئەمەریکیە پارێزەریان گرت و شکاتیان لەو کۆمپانیا گەشتیاریەکە کرد و لە شکاتنامەکەیان دا ئەمەیان نووسی بوو((ئێمە بەرەو نەرویژ سەفەرمان نەکردووە کەهەر ئەو خۆرەی خۆمان کەلە ئەمەریکا هەیە ببینین،ئێمە وامان زانی کە نەرویژ خۆرێکی تایبەتی هەیە،فێڵیان لێ کردووین)).

وەرگێڕانی :کۆژان کامەران

سەرچاوە:گۆڤاری خانوادەسبز

خاڵی گرنگ بۆ ژیانی هاوسەری و پێکەوە بوون

ئەوانەی ژیانی هاوسەری ئاسوودە دەکەن

من و هاوسەرەکەم ژیانێکی پڕ لە خۆشیمان هەیە لەبەر ئەوەی:

١- بە هەموان دەڵێم خۆشم دەوێت.

٢- بۆ دەستخۆشی کردن لە ماندووبوونەکانی ، نامەیەکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ دەنوسم.

٣- لە کۆمەڵدا بە باشە باسی دەکەم.

٤- کاتێ دڵگرانە هەوڵدەدەم لە دڵگرانییەکەی تێبگەم.

٥- هەمیشە لە ڕووداوە خۆش و گرنگەکانی ژیاندا دەیکەم بە هاوبەشم بەر لەوەی کەسێکی دیکە بزانێت.

٦- لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا پێکەوە بۆ ژیانمان بەرنامە دەدانێین.

٧- بەردەوام ئاگام لێیەتی و گرنگی دەدەم بەو شتانەی حەزی لێیەتی و پێویستی پێیەتی.

٨- لە هەموو کاتێکدا هێمنی دەپارێزم.

٩- دوای کۆتایی هاتنی ڕۆژ، شەوانە هەموو شتێکی بۆ دەگێڕمەوە.

٠- یەکەمین کەسم کە پیرۆزبایی لە دایکبوونی لێدەکەم.

١١- ئەو کارانەی بۆم ئەنجامدەدا لەبەرچاومە و دەستخۆشی لێدەکەم.

١٢- لە هەموو ساتەکانی ژیاندا بە لێبوردەییەوە هەڵسوکەوت دەکەم.

١٣- هەوڵ دەدەم کە بەردەوام ڕووخۆش بم و گاڵتەی لەگەڵ بکەم.

١٤- ئەو کارانە ئەنجام دەدەم کە پیشاندەری سۆز و خۆشەویستی منە بۆ ئەو.

١٥- هەرکات لە دەستی زۆر تووڕە بم بیر لە خاڵە باشەکانی ئەو دەکەمەوە.

١٦- ئەگەر هەست کەم لە پێداویستییە تابەتەکانی شتێکی کەمە و خۆی نایکڕێت، بە تاکید خۆم بۆی دابین دەکەم.

١٧- لە دڵەوە هەموو ئەو دیارییانەم خۆشم دەوێت کە پێی داوم.

١٨- هەمیشە یەکدیمان خۆش دەوێت.

١٩- کاتمان بۆ یەکتر تەرخان دەکەین.

چۆن دەزانی هاوسەرەکەت درۆ دەکات؟

هونەری خوێندنەوەی بیرەکان، کتێبێکی تازەیە کە لە لایەن هێنریک فێکیژسەوە نووسەراوە. تیایدا باسی ئەوە دەکات چوون ژنان و پیاوان دەتوانن یەکتری تاقی بکەونەوە و بزانن ئایە بەرامبەرەکە درۆ دەکات یان ڕاستگۆیە. لە کتێبەکەدا باسی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا بیل کلینتۆن کراوە دەڵێت شارەزایانە درۆی دەکرد لە لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ مونیکا لوینسکی و دەڵێت کلینتون سەرەڕای ئەوەی سەیری کامیراکانی دەکرد و سەری بەرزدەکردەوە بەلام لەیەک شتدا دروەکانی ئاشکرابوون ئەوەیش ئەوەبوو کە ٢٦ جار دەستی کردە لووتەکەی.

لە بابەتەکەدا کە لە ئێکپرس بلاوکراوەتەوە باسی ٦ نیشانەی درۆ دەکات:

١- تۆڕەبوون لە کاتێکدا پێویست بە تۆڕەیی نەکات ٢- کاتێک لینسی چاوەکان فراوان دەبێت ٣- خێراتر هەناسە بکێشرێت ٤-تەنیا یەک چاو لە بەرمبەرەکە بنووقێنێت.٥- سوربوونی دەموچاو (نەک لەبەر شەرمنی بێت) ٦- بەرزکردنەوەی دەست بوو دەموچاو وەک خوراندنی دەموچاو یان بەدەست دەستکاری قژ.

بێکاری گەنجان بەرەو قومارکردن دەنێرێ

قومارکردن بووە بە پیشەم، چونکە شتێک ڕووی لێبکەم، ئەمە وتەی شیروان فەتاحی تەمەن ٢١ساڵ بوو،شیروان گەنجێکی بێکارە و دەڵێت"بەهۆی نەبوونی یانەیەکی تایبەت بە گەنجان ناچارم زۆرترین کاتم بە قومارکردنەوە بەسەر بەرم"،ئەوە ئاماژە بە نەبونی پارک دەکات لە ناوچەکەیدا تا ڕوی تێبکات،شیروان فەتاح بەهۆی بێ کاریەوە بەردەوام خەریکی قومارکردنە وەک خۆی دەڵێت،شیروان ئەوەشی نەشاردەوە کە زۆرجار لەسەر قومارکردن شەر لە نێوانیان دروست دەبێت و چەقۆ و ئامێری بریندارکەر بەکاردەهێنن.بەشێکی تری لەو گەنجانە کە ئالوودەی قومارکردنن،خوێندکارانی خوێندنگاکانن.علی محەمەد تەمەن ١٧ساڵ ،ڕۆژانە زیاتر لەشەش کاتژمێر بەقومارکردنەوە خەریک دەبێت ئەو کە خوێدکارێکی چواری ناوەندیە دەڵێت"لە خوێندنگا گەرامەوە دەچم بۆ قومارکردن علی ڕەخنە لە سەنتەرەکانی گەنجان و لاوان دەگرێت کە ناتوانن بەپێی پێویست خزمەت بەلاوان بکەن".ڕزگاری تەمەن ٢٤ساڵ یەکێکی ترە لەو گەنجانەی ڕۆژانە کاتێکی زۆر بە قومارکردنەوە بەسەر دەبات وەک ڕزگار دەڵێت"ئەوەش بەهۆی بێکایەوەیە،ڕزگار چەندین جار هەوڵی داوە وەک پۆلیس،ئاسایش،...هتد،دابمەزرێ بەڵام بێ سود بووە،ڕزگار لەگەڵ دانانی دۆمینەکەی ناو لەپی دەستی زۆربەخۆشحاڵیەوە دەیوت هیچ پەشیمان نیم لەم کارە،چونکە زۆر جاریش بەشی جگەرە و کارتی مۆبایلەکەم پێ دابین دەکەم،ڕزگار داواکارە لە حکومەتی هەرێم کار بۆ بێکاران بدۆزێتەوە و ئەمەش بەئەرکی حکومەت دەزانێت.بێکاری ڕەنگە گرنگترین هۆکار بێت بۆ قومارکردن و مەشغوڵ کردنی لاوان،مەریوان تاریق لاوێکی تەمەن١٩ساڵە ،بەهۆی بێ کاریەوە ڕۆژانە ڕوو لەوشوێنە شاراوە دەکات کە قومارچیەکان تێدا کۆدەبنەوە،مەریوان بەهیوایە حکومەت شوێنێکیان بۆ دابین بکات،بۆئەوەی بتوانن بەئازادی قوماری تێدا بکەن.سەرەڕای ئەوانەی کەبۆ قومارکردن دەچنە ئەو شوێنە کەسانێکی تر هەن بۆ بینین و کات بەسەر بردن ڕوو لەم شوێنە دەکەن.بەرزان کەماڵ تەمەن ٢٣ساڵ وەک بینەرێک خۆی پێ ناساندین وتی"من زۆر جار سەردانی قومارچیەکان دەکەم،زۆربەی ئەوانەی لێرە کۆدەبنەوە بێکارن"،بەرزان دەیوت"ئەگەر چی هەندێک لەم لاوانە خوێندکارن و هەندێکیان نەخوێندەوارن،بەڵام شان بەشانی یەکتر قومار دەکەن"،بەرزان ئاماژە بەوەش دەکات کە زۆربەیان برادەری نزیک یان برای یەکترن بەڵام بەشەر کۆتای بەیاریەکەیان دەهێنن.محەمەد عوسمان توێژەری کۆمەڵایەتی لەم بارەیەوە لەڕووی دەرونیەوە،بەبۆچونی ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتیە کەسی بێکار هەست بەبونی خۆی ناکات و فاکتەرە بۆ دروست بوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی تر".محەمەد دەڵێت"پێشینانیش لە کۆنەوە هەستیان بەم گرفتە کردووە و دەڵێن؛شەر باشترە لە دەست بەتاڵی؛"،ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتیە درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت"قومارکردن جگە لەوەی خویەکی دزێوە و نەگونجاوە لەگەڵ پێوەرە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا،بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی خەڵکیشە،ئەو بەرامبەر بەم دیاردەیە پەروەردەی خێزان و دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان تری وەک

خوێندنگا،مزگەوت،سەنتەرەکانی گەنجان و هۆشیاری لاوان..هتد،بە بەرپرسیار دەزانێت،لەپاش ئەمانیشەوە دەسەڵات کە بواری نەرەخسێنێت بۆ ئەو شوێن و جێگایانەی کەلەم جۆرە مرۆڤانە بەرهەم دێنن"،لە کۆتایدا قسەکانیدا دەڵێت"با دەسەڵات هەستێت بەکردنەوەی یانەکانی لاوان و کتێبخانە و یانەی وەرزشی چالاک لە بوارەکانی گەنجان و لاوان کە خزمەتی دیار و بەرچاو بکەن بەم چینەی لاوان و لەم جۆرە کارانە دووربکەونەوە".

ئارام سپیدارەی

گریان تەسلیم بوونە، مەگری ئازیزم!

گریان لەبەر چەند هۆکارێکی کەم بایەخ،نیشانەی توش بوونی کەسەکەیە بەدوو نەخۆشی دەرونی کاتی لەیەک ساتەوەختدا،لەلایەک هەست بەدڵراوکێ دەکات و توانای زاڵ بوونی نی یە بەسەر بیرکردنەوەی خۆیدا لەلایەکی دیکەوە تووشی تورەیی هاتووە و خۆی پێ کۆنترۆڵ ناکرێ و بەگریان دەری دەبڕێ.کەواتە گریان دەربڕینێکە لەلایەن مرۆڤەوە کە لە ئەنجامی بێ توانایی ڕوبەرو بوونەوەی کەسێک لەگەڵ بەرامبەرەکەی یان بیستنی هەواڵێکەوە دروست دەبێت و دەیخاتە پێگەیەکی جیاوازەوە و کەسێتی یە سەرەکیەکەی خۆی لەدەست دەدات...دەرون ناسەکان لەو باوەڕەدان کە ڕەگ و بنەچەی گریان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەروەردەکردنی کەسەکان لە منداڵیدا.بەشێک لە منداڵان زۆر دڵ ناسک و کەم توانان بەرامبەر ڕووداوە کت و پڕەکان بەهۆی ئەو نازداری یەوە کە خێزانەکەی بۆی دابین کردووە تەنانەت هەندێ جار توانای بەرگری کردنی دەرونی بەرامبەر بە ڕەخنە و سەرزەنیشتیش نی یە و یەکسەر توشی هەڵچوون یان گریان دەبێ.بەپێ ی بیرکردنەوەی خۆی ئەوە شیاوترین ڕێگایە بۆ بەرەنگابوونەوە یاخود بۆ سەنج ڕاکێشان و وروژاندنی سۆزی بەرامبەر بەلای خۆیدا..کاریگەی ئەو بارە دەروونی یە لەسەر منداڵ درێژ دەکێشێ هەتا تەمەنی گەورەیی و دواتر بەئاسانی لێ ی ڕزگار نابێ.لەنێو کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئەو حاڵەتە زیاتر بەسەر کچان و ژناندا دێن. چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵگانە لە ڕووی پێش کەوتنی شارستانی و مەدەنی یەوە زۆر کەم بایەخن بۆ پەیرەوکردنی پەروەردەیەکی دروست،وە بەتایبەتیش پەروەردەکردنی کچان، بۆیە جیاوازیەکی زۆر دەبیندرێت یان هەستی پێدەکریت لە نێوان کور و کچدا،ئەم جیاوازیە هەر لەمنداڵیەوە توانا فکری و جەستەییەکانی کچ تووشی شەلەلی و ئیفلیجی دەکا و تەنیا توانای گریان و خۆ خواردنەوەی لەلا گەشە دەکات..کەواتە لێرەوە بۆ مرۆڤی ژیر دەردەکەوێ کە (گریان مانای تەسلیم بوون)ە ،تەسلیم بە ئیرادەی کۆمەڵێک کە مرۆڤ وەکو خۆی تەماشا ناکا و نایناسێ..بۆئەوەی منداڵ و گەورە لەگریان ڕزگاریان بێت و ئەو فرمێسکانەی کەلە پێناوی چەند ڕەخنەیەک یان چەند شتێکی کەم بایەخ دەرێژێن پێویستە ڕەگ و ریشەی هۆکارەکان شیتاڵ شیتاڵ بکرێ و چارەسەری بنەڕەتیان بۆ بدۆزرێتەوە،گریانەکان بۆکاتی خۆی و بۆ شوێنی خۆی هەڵگیرێت.ئەگەر مرۆڤەکان ئازاد نەکران لەکۆت و زنجیری کۆنەپەرستی ،ئەگەر یاسا درێژەکان هەمیشە زاڵ بێ بەسەر کۆمەڵگەدا و بواری ئازادی یەکان تەسک کرایەوە،ئەوا هەمیشە قوڵپی گریان گەروی مرۆڤە کەم توانا و کەم ئەزمونەکاندەگوشێ و بەبەردەوامی دەیانخاتە ژیانێکی نائارام و تەنگە نەفەسیەوە.دەبێ مرۆڤ چاک لەوە تێبگات کە گریان چارەسەر نی یە و کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات،ڕەنگە گریان کات و لای هەندێ کەس پشوویەکی ببەخشیت،بەڵام لە ڕاستیدا ئەویش وەکو هەندێ مادەی ئارام بەخش وایە کە هیچ حەلێکی تیایە نی یە جگە لە ئارامی یەکی کاتی.لەبەر ئەوە ئازیزان دەبێ هەموو ڕاستیەکانمان لا ئاشکرا بێت و بیکەین بە بەرنامەی ژیانی داهاتومان و منداڵان لەسەر ئەو بنەمایانە پەروەردە بکەین کە فێری خۆڕاگری و ڕادەربرین و شیکارکردنی کێشەکان بکەین.پێویستە هەموومان فێری ئەوە ببین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسەکانی بەرامبەرمان دەکەین،چۆن زمانی ڕەخنە بەکاردێنین،هەروەکو لە کۆندا ووتویانە (مرۆڤ تەنها لەدەوربەرەکەی و لە هاوڕێکەیەوە فێر دەبێت)،دەبا هەموومان یەکتری فێری شتە جوانەکان کەین.

نەسرین کەریم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com